## وەزارەتی دارایی هەرێم لیستی مووچەی مانگی ئاداری بڵاوکردەوە

وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لیستی دابەشکردنی مووچەی مانگی ئاداری بڵاوکردەوە.

ڕۆژی هەینی (5ـی نیسانی 2024) وەزارەتی دارایی و ئابووری، لیستی دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بڵاوکردەوە.

ڕۆژی شەممە (6ـی نیسانی 2024) دابەشکردنی مووچەی مانگی ئادار دەستپێدەکات و پێش جەژنی ڕەمەزان مووچەی سەرجەم مووچەخۆران دابەش دەکرێت.

هەروەها بە گوێرەی ڕاگەیەندراوی وەزارەتی، خشتەی مووچەکە بەپێی کاتی هاتنی تەمویلی وەزارەتی دارایی عێراق دانراوە، لەکاتی دروستبوونی هەر گۆڕانکارییەک لە هاتنی تەمویلەکە گۆڕانکاری لە خشتەکەشدا دەکرێت.

| |
|---|
| ۲۰۲ |
| |
| |
| 1992 |
| |